دەزگای دژە تیرۆر دەستگیرکردنی سێ تیرۆریست و بازرگانێکی مادەی هەشبێری ڕاگەیاند

ئەمڕۆ شەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستگیرکردنی سێ تیرۆریست و بازرگانێکی مادەی هەشبێری لە سەر پارێزگاری جیاواز ڕاگەیاند.

شانەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : هێزە ئەمنییەکانی دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە (پارێزگای نینەوا- کەناری چەپ) ئێپڕاسیۆنێکیان بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە دروستەکان دەستپێکردووە، کە لە ئەنجامدا بووە دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی سەر بە باندە تیرۆریستییەکانی داعش.

ئاماژەی بەوەشکرد : لە دوو ئێپڕاسیۆنی جیاوازدا لەلایەن دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە (پارێزگاری ئەنبار - فەللوجە)، دوو تیرۆریستی باندە تیرۆریستییەکانی داعش دەستگیرکران.

لە لایەکی دیکەوە لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کردەوە : دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر توانی بازرگانێکی ماددە هەشبێرکان لە پارێزگای نەجەف دەستگیر بکات.